حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
مكتب الوزير

ISO 9001 : 2015

ژمارە : ٥٦١
ڕێکەوت: ٣ / سەرماوەرز/ ٢٧٢٢ کوردی

العدد: ٥٦١
التأريخ: ٢٠٢٢/١١/٢٤

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان**
**(هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، کەرکوک – بەشی خوێندنی کوردی، سۆران، ڕاپەڕین، زاخۆ)**
**بابەت/ ڕێکارەکانی پاراستنی سەلامەتی لە ناوەندەکانی خوێندن**

**یەکەم - سووتەمەنی:**

**- غاز:**

١- هەموو ئەو ناوەندانەی خوێندنی ناحکومی غازی LPG بەکاردەهێنن پێویستە بەکارهێنانی ئەو غازە ڕابگرن تا دڵنیابوونەوە لە کوالیتی غازەکە و سەلامەتی پاکێجی ئامێرەکان، لەلایەن لایەنی تایبەتمەندی مۆڵەتپێدراوەوە.

٢- پێویستە ئەو ناوەندانەی خوێندنی ناحکومی غازی LPG بەکاردەهێنن پشکنینی کوالیتی جۆری غازەکەیان لەلایەن لایەنی فەرمی تایبەتمەندی مۆڵەتپێدراوەوە بەدەستبهێنن و لەکاتی کارکردن لەو بابەتە دەبێت پاش دەوامی فەرمی قوتابخانە بێت و نابێت لەکاتی بوونی مامۆستایان و قوتابیان ئەو جۆرە کارە بکرێت.

٣- هەر ناوەندێکی خوێندنی ناحکومی غازی LPG بۆ گەرمکەرەوە بەکاردەهێنێت، پێویستە لەپاش دەوامی قوتابیان پشکنینی سەلامەتی سستمەکە بکاتەوە بەگوێرەی ڕێنمایی لایەنی فەرمی تایبەتمەندی مۆڵەتپێدراو و بەڵگەنامەی ئەو پشکنینە لە تۆماری خۆیدا بهێڵێتەوە و پیشانی سەریەرشتیاری قوتابخانەی بدات.

٤- لیژنەکانی تایبەتمەند بەو بوارە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پشکنین بۆ سەلامەتی ژینگەی دەوروبەری قوتابخانە بکەن، هەر بابەتێکی وەکو غازی LPG و بەنزین و سوتەمەنی ئاسان بۆ گڕگرتن هەبێت پێویستە دوور بخرێتەوە لەناوەندەکانی خوێندنی حکومی و ناحکومی.

٥- فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندنی حکومی و ناحکومی ڕێگەپێدراو نین غازی LPG بەکاربهێنن بۆ ئامادەکردنی خواردن، ئەگەر هاتوو لەناو ئەو ناوەندانەی خوێندن ئەو جۆرە تەنها بۆ مەبەستی ئامادەکردنی خواردن بەکاربهێندرێت.

٦- فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندنی حکومی و ناحکومی نابێت بتڵی غازی ئاسایی (شل) لەناو ژووری فرۆشگەکان دابنێن، بەڵکو دەبێت لەدەرەوەی ژوورەکە بێت و دوور بێت لە پۆل و ژووری کارگێری و مامۆستایان و فەرمانبەران، ڕۆژانە لانیکەم (٢) جار پشکنین بۆ سەلامەتی و دڵنیابوونەوە لە دروستی گەیاندنی ئەو غازە بۆ ناو فرۆشگەکە

ئەنجام بدرێت، لەپێش دەوام و لەکاتی دەوام و پاش دەوامی خوێندن، بەپێچەوانەوە بەڵێندەری فرۆشگەکە هەموو بەرپرسیارێتییەکی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ ئەگەر هەر کەمتەرخەمی و کەموکوڕییەک ڕوویدا.

٧- لیژنەی فرۆشگەکان لە ناوەندەکانی خوێندنی حکومی و ناحکومی ڕۆژانە دەبێت چاودێری و سەرپەرشتی سەلامەتی فرۆشگەکان بکەن بەشێوەیەکی زۆر باش، بەپێچەوانەوە بەرپرسیار دەبن.

٨- ئەو بەڵێندەرانەی کە فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندنیان لایە بەهیچ جۆرێک نابێت چاککردنەوەی (صیانە) و ئامێرەکانی غاز ئەنجام بدەن لەکاتی دەوامی ئاسایی قوتابخانە. دەبێت هەر چاککردنەوەیەک لەلایەن شوێنێکی مۆڵەتپێدراوی فەرمییەوە بێت.

٩- لەچواردەوری ناوەندەکانی خوێندن هەرماڵێک یان شوێنێکی کەرتی تایبەت و گشتی کە غازی LPG بەکاردەهێنن پێویستە پشکنینی سەلامەتی بۆ بکەن بەگوێرەی ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ و لەلایەن لایەنی تایبەتمەندی مۆڵەتپێدراوەوە.

١٠- بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان بەرپرسن لەوەی تەواوی ئەو ئامێرانەی کە بە غاز کاردەکات لە سەرەتای دەوام و کۆتایی دەوام پشکنینیان بۆ بکرێت، بەتایبەتی چێشتخانەی باخچەکانی منداڵان دەبێت زۆر ئاگاداری ئەم بابەتە بن.

**- بەنزین:**

١- بەنزین لە ناوەندەکانی خوێندن ڕێگەپێدراو نیە بەکاربهێنرێت، وە هەر موەلیدەیەک بە سووتەمەنی بەنزین کار بکات دەبێت دوور بێت لە ژوورەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران.

٢- لەچواردەوری ناوەندەکانی خوێندن هەر ماڵێک یان شوێنێکی کەرتی تایبەت و گشتی کە بەنزین بەکاردەهێنێت پێویستە لەڕێگەی لیژنەکانی قائمقامیەت ئاگادار بکرێنەوە لە سەلامەتی بەکارهێنانیان.

**- نەوت:**

١- عەمبارکردنی نەوت پێویستە لەشوێنێکدا بێت کە دوور بێت لە شوێنی مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران، پێویستە بەشێوازێکی دروست عەمبار بکرێت کە زیان نەگەیەنێت بەناوەندەکانی خوێندن. ئەم بابەتە ئەرکی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری ناوەندەکانی خوێندنە.

٢- پێویستە ڕۆژانە گشت ناوەندەکانی خوێندن کە بۆ یەکەمین جار نەوت لە سۆپا دەکەن لەشوێنێکی سەرکراوەدا بێت و لەناو پۆلەکاندا نەبێت، دەبێت بۆنی نەوتەکە بکرێت و پاش دڵنیابوونەوە ئینجا بەکاریبهێنن بەمەبەستی سەلامەتی گیانی مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران.

٣- بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان بەرپرسن لەوەی تەواوی ئەو ئامێرانەی کە بە نەوت کاردەکەن لە سەرەتای دەوام و کۆتایی دەوام پشکنینیان بۆ بکرێت.

دووەم - مادە کیمیاییەکان:

١- ئەو مادە کیمیاییانەی لە تاقیگەکانی ناوەندەکانی خوێندن بەکاردەهێنرێن، پێویستە کارگێڕی قوتابخانە دڵنیابێت لە ماوەی بەسەرچوونیان و ئەگەر بەسەرچووبن پێویستە بەشێوازێکی دروست ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بکرێت بەمەبەستی لەناوبردنیان بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنی فەرمی تایبەتمەند.

٢- ئەو مادانەی کە لە تاقیگەکانی ناوەندەکانی خوێندن بەکاردەهێنرێن شێوازی کۆگاکردنیان بەشێوەیەکی دروستی زانستی بێت بەجۆرێک سەلامەتی مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران پارێزراو بێت.

سێیەم - ئامێرە کارەباییەکان:

١- هەر ناتەواوییەک لە سستمی کارەبای ناوەندەکانی خوێندندا هەبێت پێویستە بەزووترین کات بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای لێ ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئەوەی لایەنی فەرمی تایبەتمەند بەکاری خۆیان هەڵبستن.

٢- بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکان بەرپرسن لەوەی تەواوی ئەو ئامێرانەی کە بە کارەبا کاردەکەن لە سەرەتای دەوام و کۆتایی دەوام پشکنینیان بۆ بکرێت.

## چوارەم - ڕووداوە سروشتییەکان:

١- لەکاتی ڕوودانی هەر حاڵەتێکی سروشتی وەک (بومەلەرزە یان لافاو و ... تد) پێویستە بەڕێوەبەری ناوەندەکانی خوێندن بەزووترین کات پەیوەندی بەلایەنی فەرمی تایبەتمەند بکەن.

٢- بەڕێوەبەری قوتابخانە مامۆستایەک لەناو قوتابخانە ڕادەسپێرێت بەشێوەی سیمینار بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران و گشت قوتابیان و خوێندکاران بۆ پێشکەشکردنی ڕێنمایی لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو

حاڵەتانە، وەزارەتی پەروەردە ڕێبەرێکی پێشچاوڕوونی بۆ ئەم مەبەستە بۆ ناوەندەکانی خوێندن ئامادە دەکات بەهاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان بەتایبەت بەرگری شارستانی.

## پێنجەم - بەشە ناوخۆییەکان:

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکانی وەزارەتی پەروەردە لەماوەی هەفتەیەکدا بەهاوکاری لایەنی فەرمی تایبەتمەند لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان سەردانی مەیدانی گشت بەشەناوخۆییەکانی پەیمانگەکان و ئامادەییە پیشەییەکان بکەن بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لەو باڵەخانانەی کە بوونەتە بەشەناوخۆیی، لەڕووی سەلامەتییەوە بەجۆرێک بەدووربن لەهەر مەترسییەکی بەنزین یان غازی LPG و هەر حاڵەتێکی تری مەترسیدار، دەبێت بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لەگەڵ سەرجەم قوتابیان و خوێندکارانی ئەو بەشەناوخۆییانە کۆببنەوە و ڕێنمایی سەلامەتییان پێشکەش بکەن.

٢- بەڕێوەبەری پەیمانگەکانی هونەرە جوانەکان و کۆمپیوتەر و وەرزش (سلێمانی، دهۆک، ئاکرێ، شەقلاوە، سۆران)، پێویستە لە هەفتەیەکدا دووجار خۆیەتی فەرمانبەرێکی کارگێری یان یاردەدەرێکی ڕاسپێرێت بۆ سەردانی بەشە ناوخۆییەکان.

## شەشەم - هاتووچۆی قوتابیان و خوێندکاران:

١- پێویستە دەستەی کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن بەزووترین کات کۆبوونەوەی لەگەڵ شۆفێری ئەو پاس و تاکسیانە بکەن کە مامۆستایان و قوتابیان و خوێندکاران دەگوازنەوە، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لە سەلامەتی چوون و هاتنیان، پێیان ڕابگەیەنن لەحاڵەتی کەموکوڕی لە ڕێنمایی سەلامەتی یان سەرپێچیکردنی ڕێنماییەکانی هاتووچۆ بەرپرسیارێتی یاساییان دەکەوێتە ئەستۆ و داوای یاساییان لەسەر تۆمار دەکرێت ئەگەر کەمتەرخەم یان سەرپێچیکاربن.

٢-ئەگەر پاس و تاکسییەکان بەسستمی غاز کاردەکەن لەکەمترین ماوەدا دڵنیایی سەلامەتی سستمی غازەکانیان لەلایەن لایەنی فەرمی مۆڵەتپێدراوەوە بۆ بەڕێوەبەری ناوەندەکانی خوێندن ببەن.

**حەوتەم - بیری ئاو:**

- هەر ناوەندێکی خوێندن کە بیری ئاوی تێدایە پێویستە بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندن ئاگاداری بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا بکاتەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری لایەنی فەرمی تایبەتمەند بکرێت بەمەبەستی سەلامەتی، بەجۆرێک ئەو بیرە داپۆشرا بێت کە سەلامەتی گیانی مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران پارێزراو بێت.

**هەشتەم - جگەرە کێشان:**

- جگەرەکێشـــان بەهەموو جۆرەکـانییەوە وەکو لەفەرمـانەکـانی پێشـــووی وەزارەتی پەروەردەدا هـاتووە لەناوەندەکانی خوێندن قەدەغەیە.

**نۆیەم - پابەندبوون بە ڕێکارەکانی سەلامەتی:**

گشت دامەزراوە پەروەردەییەکان لە دیوانی وەزارەتەوە تا باخچەکانی منداڵان پابەند دەبن بە هەڵسەنگاندن و ڕای فەرمی نووسینەکی بەرگری شارستانی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بۆ هەر حاڵەتێکی سەلامەتی ئەگەر لەکاتی مۆڵەت بۆ باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان و پەیمانگە و سەنتەرەکانی خولی بەهێزکردنی زمان و پیشەییەکان، ئەگەر تەواوی مەرجەکانی ئەندازیاریش بەردەست بوو بەڵام لایەنی بەرگری شارستانی تێبینی یان ڕای پێچەوانەی هەبوو، هەڵسەنگاندن و ڕای بەرگری شارستانی یەکلاکەرەوە دەبێت و دەبێت تێبینی و سەرنجەکانیان لەلایەن پێشکەشکارەکانەوە جێبەجێ بکرێت.

ئالان حمەسعید صالح
وەزیری پەروەردە
٢٠٢٢/١١/٢